# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٧)

بەکر شوانی
bschwani@hotmail. com

ڕۆژنامەی "ستار" ٢٠٠٣/٣/٥

## سوتاندنی ئاڵای تورکیا لە باکوری عێراق پەیامی گرنگی بەدواوەیە

سایگی ئوێزتورک:

(ئاتێلای ئیمپراتۆری هون دەڵێ "ڕووداوەکان چۆن بینراون نا، چۆن ڕوویان داوە ببینن. " واتا ڕووداوەکان بە بینین زۆر جیاوازتر خۆدەنوێنن. ئەوانەی لە باکوری عێراق ئاڵای ئێمە دەسوتێنن و دروشم لەدژی تورکیا دەڵێنەوە، بۆ هەتا ئەمڕۆ بوونیان نەبوو؟ دەبێ باش ئەوە لێکبدرێتەوە کە ئەم خۆپیشاندانە دوای ئەوە دێت کە پەرلەمانی تورکیا گەلاڵەی بڕیاری تایبەت بە پێشوازیکردنی سەربازی بیانی ڕەتکردەوە. خەلیل توغ کە سەردەمانێک سەرۆکی ئۆفیسی ئیستیخباراتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بوو و دوێنێ لە بیرۆکەمان یەکترمان دواند، پێی وایە کە ئامانجی بنەڕەتی بارزانی و تاڵەبانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆیە و لەو بارەیەوە وتی: ئامانجی ئەوان فیدراسیۆن یان ئۆتۆنۆمی نیە، ئامانج دامەزراندنی کوردستانە. تورکیا بە گەورەترین تەگەرەی بەردەم سەربەخۆیی خۆیان دەزانن. توغ سوتاندنی ئاڵا و خۆپیشاندان لەدژی تورکیا بە گەمەیەکی ئەمەریکی دادەنێ و دەڵێ: ئەمەریکا دەیەوێ پێمان بڵێ ئەگەر لەگەڵماندا نەبن، ئەوا لەوێ قسەتان ناڕوات، ئەگەر لە ڕێماندا ڕاوەستن، ئەوا بۆتان هەیە تەنیا لە دوورەوە سەیری باکوری عێراق بکەن) .

---

ڕۆژنامەی "ئاکشام" ٢٠٠٣/٣/٥

## لە بینینی هەندێک ڕاستیدا سود هەیە

سەمیح ئیدیز:

( لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بارودۆخی باکوری عێراقمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەستنیشان نەکرد، دەبینین ڕەوشەکە بەرەو سەرلێشێوانێکی ترسناک مل دەنێ. یەکەم و بەر لە هەموو شتێک عێراقی دوای سەدام لە دوو فیدراسیۆنی عەرەبی-کوردی پێکدێ و دەبینین ئەمەش لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە دەپارێزرێ. دووەم؛ تورکمانەکان لەم پێکهاتەیەدا دەکەونە پەراوێزەوە و دەبێ لەبیر نەکەین کە عەرەبەکانیش وەکو کوردەکان، تورکمانەکان وەکو "تابوری پێنجەمی تورکیا" دەبینن. سێیەمیش؛ بەپێی دوا بڕیاری پەرلەمان، ئەگەر تورکیا "ڕەوایی نێونەتەوەیی" لەبیر بکات و یەکلایەنە بچێتە باکوری عێراقەوە، ئەوا ڕووبەڕووی نارەزایی توندی

عەرەبی سون وی شیعەی عێراق دەبێتەوە و ئەو کاتە پەیوەندیمان نەک هەر لەگەڵ هەولێر، بەڵکو لەگەڵ بەغدادیش تێکدەچێت.

با لەم نێوانەدا ئەم ڕەهەندەش لەبیر نەکەین: ئەمەریکا دەڵێ "من لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆم"، بەڵام ناڵێ "لەدژی فیدراسیۆنێکی عەرەبی و کوردیم کە بە بڕیاری نەتەوە سەرەکیەکانی عێراق دابمەزرێ".

ئێمە میللەتێکی چاوکراوەین و کێ چی دەڵێ با بڵێ، ئەگەر پێوانەکانی خۆمان پێویست بکات، ئەوا هەر دەچینە باکوری عێراقەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە پێم وایە ئەگەر بەر لەم هەنگاوە هۆی چونمان بۆ میللەت ڕوون بکەینەوە، بێسود نابێ) .

کوردستان نێت www.kurdistannet.org